ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# حکومەتی سەرمایەداری سۆشیالیستی ئیسلامیی عەلمانیی تەڵەبە دبلۆماسی

## بەرنامەی حکومەتێکی بێ بەرنامە↓

فاضل قەرەداغی

ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە (١٠٤) ٢٠٠٤/١/٣، ل ٥

بنەمای "حوکمکردنو بەس" بۆ سەردەمانێكو لەچەند شوێنێكدا کارەکانی ڕایی دەکرد، بەڵام بۆ ئەم ڕۆژگارە فەرمانڕەوا دەبێ خاوەن بەرنامەیەك بۆ حوکم بێ، مەگەر بۆی لوابێ بەبێ بەرنامەیەکی ڕوونو دیار وڵات بەڕێوەبەرێ.

لەکوردستانیشداو پاش ئەزموونی دوانزە ساڵ ئەوەی حکومەتی کوردستان کردوویەتییە بنەمای فەرمانڕەوایی هەر ئەوەیە کە وتمان "حکومکردنو بەس".

هەرکەسێکیش بیەوێت نەشتەرگەری ئەزموونەکە بکات تاکو بگاتە ئەوەی ئەو حکومەتە خاوەنی چ بەرنامەیەکە بەدەستێکی بەتاڵ دەست لەو کارەی هەڵدەگرێو جگە لە "بێ بەرنامەیی"ناتوانێ وەسفێکی شیاوی ئەو ئەزموونە بکات.

ئەگەر بشمانەوێ توخمە پێکهێنەرەکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێم بدۆزینەوە هەموو جۆرە توخمێك دەبینین، لەمەدا سەرۆکی ئەو حزبە دەگمەنەی هەولێر زۆرمان یارمەتی دەدات. ئەو حزبە تەنها یەك ئەندامی هەیە کە هەم ئەندامو هەم سەرۆك. ناوەکەشی ئەگەر ببێتە واقیع گیانێکی برایەتی بەو هەموو ڕەوتو فیکرەو مرۆڤانەی کەمێك شت کۆیان دەکاتەوە.

ڕۆژێك پاش ڕاپەڕین دروشمی ئەو حزبەم لەسەر چەند دیوارێکدا بینی؛ دروشمێك بوو نەمزانی چییەو چ واتایەکی هەیە؟ دروشمەکە شتێك بوو لەم بابە: حزبی پاڵەوانی کرێکاری تەڵەبە دبلۆماسی. ئەوکاتە وامزانی ئەم نووسینە گاڵتەجاڕییەکە کە بە حزبێکی دیاریکراو دەکرێ. بەڵامئم شتە پاش کەمێك بووە واقیع ئەگەر چی واقیعیەتێکی پڕە ناڕێکی.... مەسەلەکەش والێرەدایە: کۆبوونەوەی واقیعییەت و ناڕێکی، هیچ زیادەڕەوییەکیش نییە لەوەسفکردنی حکومەتی کوردستان بە حکومەتی دەوارنشین، بگرە وەسفێکە پڕ بەپێستی ئەو بارودۆخەیە کە حکومەتەکەی هێنایەدی.

ئەو حکومەتە، حزبەکانیش بەگشتی متمانەیان بەو حاڵەتە نوێیە نەبوو. بۆی هەبوو حکومەتی مەرکەزیو حزبی بەعس لە هەرکاتێکدا بگەڕێتەوە کوردستان. حکومەتو حزبەکان حاڵەتەکەیان بە شتێکی کاتی دەزانی بۆیە وەکو خێڵێکی دەوارنشین بوو، هەوارگەی ئەمڕۆی ئێرەیە، سبەینێش شوێنێکی ترە.

خێڵێکی وەهاش پێویستی بەکەمترین دەزگاو کەرەستەی جێگیرو پێویستە هەموو سامانەکەی بەدوو تا چوار پێ قابیلی جووڵە بێ.

---

↑ئەمە ناوونیشانی دووەمی بابەتەکە بوو بەڵام لە ڕۆژنامەکە لابرا.

تۆ تەماشای بینای حکومیو خانووی بەرزی بەرپرسان مەکە، ئەمە لەدەیەکی سامانی دەرەوەی سنوور کەمترە. بێ متمانەیی لەو حاڵەتە لە زۆر شتدا دیار بوو، کەمترینیان ئەوە بوو کەسوکاری بەرپرسان هێشتا ژیانی دەرەوەی کوردستانیان پێ باشتر بوو. پاشان کە لەم شەڕەی دوایی حکومەتی بەعس هەرەسی هێنا بەڵگەی تر هاتنە دەست.

تێوەگلانی زۆر لەبەرپرسانو کەسایەتییە حزبییە گەورەکان بەپەیوەندی بە حکومەتی بەعسەوە نیشانیدا ئەوانە کاتی خۆی چەند لەو حاڵەتە کوردییە بێ متمانەبوون. بەپاڵ ئەو موناقەسەیەی سامان خڕکردنەوەی لەنێوان بەرپرساندا هەبوو کەوای لەهەندێك لەمانە کرد بەدوای سەرچاوەیەکی تری داهاتدا بگەڕێن، بەرپرسان حسابێکیان بۆ دواڕۆژ کردبوو.

لەبەر ئەم بارودۆخەو لەبەر نەبوونی یان کزیی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی حکومەت بەڕێوەی دەبات دەبینی حکومەت بەرنامەیەکی ڕوونو ئاشکرای لەلایەکو ڕێكو مەحکەم لەلایەکی تر نییە.

دەتبینی لەبواری ئابووریدا نیزامێکی "تێکەڵ" پیادە دەکات، بێگومان "تێکەڵ" بەواتای "تێکەڵو پێکەڵ"نەك بەواتای زانستیی وشەکە.

دەبینی لەوڵاتاندا حکومەت بەپێی سیاسەتو بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە تەئکید لەسەر باج یان لەسەر گومرك دەکات. ئەو وڵاتانە بەپێی بەرژەوەندی ئابووری وڵاتەکە بڕی یەکێکیان زیاد دەکات. ئەگەر وڵاتەکە بیەوێ بەرهەمێکی دیاریکراوی ناوخۆ لەموناقەسەی دەرەوە بپارێزێ گومرك لەسەر هێنانی ئەو بەرهەمە زیاد دەکات، لەحاڵەتی زۆری تریشدا ڕێژەی گومرك زۆر کەم دەکەنەوە بۆ پاراستنی ئازادیی بازرگانی. کە دواجار هەر بەقازانجی وڵاتەکە دەکەوێتەوە، ئەگەر چی باجێکی گەورە دەخاتە سەر بەرهەمهێنانی ناوخۆیی.

باجیش بۆ خۆی بەپێی بەرنامەیەك دەسەپێندرێ، زۆر ئاسایشە ئەگەر باجی سووك لەسەر بەرهەمێکی دیاریکراو بۆ هاندانی بەرهەمهێنانی دابنرێت. بەکورتی هەموو ئەمانە بەپێی بەرنامەیەكو تێڕوانینێك کاریان بۆ دەکرێ، خۆ ئەگەر بڕێك ئازادی هەبێ، ئەوکارانە دەبنە جێگەی موناقەشەو بۆیان هەیە گۆڕانکارییان بەسەردا بێ.

بەڵام ئەزموونە کوردییەکە تەنها یەك پرسیاری هەبوو: "چەند داهات کۆبکرێتەوە" بۆیە باج زۆر بوو، گومرگیش زۆر، ڕسوم زۆر... هەرهەمووی زۆربێمانا (تازە کەتاکە یەك دیناری چاپ بۆ کاروباری حکومی لەداهاتی ناوخۆیی سەرف ناکرێ ئەو باجانە کەم دەکەنەوە).

ئەزموونەکە لەبواری ئابووریو سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەیەك کاتدا سەرمایەدارو سۆشیالیست بوو. بەڕەسمی نیزامی بازاڕی ئازادبوو بەڵام دەوری دەوڵەت چییە؟ ئاراستەی حکومی بۆ ئەو نیزامە چەندە، بەواتایەکی تر توخمی لیبراڵییەتی ئابووری چەندەو چۆنە؟ کەس نازانێ. ئەو نیزامەی بازاڕی ئازاد لەسایەی دەوارەکەدا بریتییە لەیەك وتە "هەرکەس خۆی بژێنێ" بەڵام دیارە ئەم وتەیە نیزامێكو بەرنامەیەك پێك ناهێنێو بەدرێژایی مێژوو دەوڵەتان هەبوونو (تاوەکو دەگاتە کوێخاو ئاغاکان) بەپێی ئەم وتەیە جووڵابوون.

لەلایەکی تریشەوە دەبینی ئەو حکومەتە ئەم وتەیەی دەخستە لاوەو خۆی دەخنیە ناو کاروباری ئابووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە، بەڵام دیسان بێ بەرنامەیەکی ڕێكو ڕوون. بۆ نموونە حکومەتی سەرمایەدار لەپڕ دەبێتە سۆشیالیست وەك چۆن حکومەت دەستی گرت بەسەر زەوی هاوڵاتییانداو بەسەر هاوڵاتییانی تردا دابەشیان دەکاتو بەرامبەر بەوە ڕێژەیەکی بچووکی زەوییەکە دەداتەوە بەخاوەنەکە ٢٠٪ بەڵام بە جادەو کۆڵانو قوتابخانەوە کە لە ئەنجامدا دەگاتە ١٢٪ کەئەمە لەهیچ وڵاتێکدا جێگەی نابێتەوە کە نیزامی بازاڕی ئازاد پیادە دەکات، بەڵکو دەبێ ئەگەر

حکومەت پێویستی بەزەوی بێ بەنرخی ڕۆژ زەوییەکە بکرێتەوە دەنا خۆی لەبەردەم شکاتی خاوەنەکەی دەبینێتەوە. ئەم سیاسەتە "سۆشیالیست"ەی حکومەتی لای خۆمان تەنها لە حکومەتانی ڕۆژانی ڕابردووی جیهانی سۆشیالیزمدا هەبوو ئینجا تەماشای باقی بوارەکانی تر بکە هەمان حاڵەت دەبینی. لەبارەی ئاینو سیاسەت حکومەت عەلمانییە بەڵام لەحاڵەتی پێویستدا دەبێتە ئیسلامیی، حاڵەتی پێویستیش وەك ئاشکرایە ڕەچاوکردنی هەستەکانی جەماوەر لەلایەكو هەوڵی سەندنەوەی گەورەترین سەرمایەیە بۆ حزبە ئیسلامییەکان کە ئەگەر کارو چالاکییان نەبوایە ئیسلام پشگوێخراوترین شتی لای دەسەڵات دەبوو.

کۆتایی شتیش بینیمان ئەوەبوو چۆن تاکە شتێك ببێتە شەرعییەت بەخش، حکومەتی کوردی کە بۆدەعوای کوردایەتییە کەوتە بەر گەورەترین زەبر بەئاشکرا بوونی فایلی پەیوەندی ژمارەیەك بەرپرس بە حکومەتی بەعسەوەو کە ئەمانە تەنها بەشێکی بچووکی بەرپرسانی فایلدارن. بەم جۆرەش دەرکەوت دەسەڵات بەپاڵ ئەوەی کوردییە دەکرێ کەم تا زۆر بەعسیش بێ.

ئێستاش کوردستانو عێراقو ناوچەکە لەبەردەم واقیعی نوێدا خۆی دەبینێتەوە، ئایا دەکرێ بەهەمان "بەرنامە"وە کاربکرێ؟ دەسەڵاتی کوردی هێشتا دەوارەکەی هەڵنەگرتووە چونکە بینی چۆن کەمێك پاش کەوتنی بەغدا ئەمریکییەکان دەستیان کرد بەچەککردنی چەکداران لەکەرکووکداو نیازیان بوو سنوور بۆ ئەو دەسەڵاتە دابنێن، ئەویش دەستی کرد بە هەڵوەشانی ڕێکخراو و دەزگا حزبییەکانی. هەرچەندە دوای ئەوە ڕووداوەکانی ناوەڕاست و باشوور ڕەصیدی دەسەڵاتی کوردی بەرزکردەوە بەڵام ئێستا دەرکەوتووە بارودۆخی عێراق چەند ئاڵۆزەو زانرا کە ئەمەریکا دەیەوێ ڕۆژێك زووتر لە تەڵەزگەی عێراق ڕزگاری بێو دوور نییە سیاسەتی لەپڕ بگۆڕێتو بڕیاری کشانەوە لەعێراق بدات. دیارە دەسەڵات حسابێك بۆ ئەو ڕۆژە دەکات، بەڵام ئەگەر ئەمە بەهانەی بێ بۆ هێشتنەوەی دەوارەکەی، ڕۆژێك دێ دەبینێ چەندە لەدوادایە لەوەش خراپتر ئەم بێبەرنامەییە دەسەڵاتی کوردی هێندە لاواز دەکات بازدان بەسەریدا ئاسان دەکاتو هەتا ئەگەردان بەهەرێمی کوردستانرا قەوارەکە ئەوەندە ناڕێك دەبێ بەرگەی گەمە گەورەکەی ئەمجارەی ناو عێراق ناگرێ. دیارە ئەگەر حکومەتی سەرمایەداری سۆشیالیستی ئیسلامیی عەلمانی ... تاد بۆ گاڵتەو گەپی جاران هەرچۆنێك بێ وجوودی خۆی دەپاراست گەمەی ئەمڕۆ پێکەنینی بەو گاڵەتەو گەپە نایەت.